


## کتێبی کوێستان :
## سەرکەوتنی بیر

# - ١٣ -
# ئەو هزرانەی سەرکەوتن دەئافرێنن

و. ڕێباز مستەفا

**ئەوکەسەی زاتی ئەوەی هەبێ بەدوای مافی خۆیدا بگەڕێ دەتوانێ بە متمانە و سەرفرازبێ شانس بە گەنجینە و بەهرەکانی خۆیەوە پێشوازی لێدەکات.**

**(هیلەرویلمەن)[1]**

پیاوێکی بەهێزو تاقەت کە هیپنۆتیزم کرا، چونکە لەوباوەڕەدایە ناتوانێ لەسەر ئەو کورسیەی کە لەسەری دانیشتووە بجووڵێ تا کاریگەریی هیپنۆتیزمەکە کۆتایی نەیەت، بەڕاستی ناتوانێ لە جێی خۆی بجووڵێ. ژنێکی لاواز و بێهێز بەهۆی ئەو ئیرادە بەهێزەی کە زادەی ترسە ئەو توانایەی بۆ دروستدەبێ، کە کەسێکی لە کێشی خۆی قورستر لە مەترسی نوقمبوون ڕزگار بکات. لە هەردوو نموونەی سەرەوەدا فاکتەری یەکلایی کەرەوە هێزێکی ماددی نییە، بەڵکو هێزی مێشکە.

مێشك توانایەکی مەزنی هەیە، گەورەترین ئەو سەرکردەو جیهانگیرانە چ لە مەیدانی جەنگ و لەدنیای کارو تێکۆشانی مۆڕاڵیەوە سەرکەوتنەکانی خۆیان بەهۆی توانای مێشکی خۆیان بەدەستهێناون. دەبێ ئەوە لە مێشکی لاوەکاندا بچەسپێنین کە تواناکانی هزر گەورەترین هۆکاری سەرکەوتنن، هەرکاتێك هەموومان توانیمان باوەڕ بەوەبێنین، ئەوا قۆناغێکی تازەتر لە ژیانی هەموومان دەستپێدەکا و زۆربەی ئێش و دەردو ئازارەکانمان لە نێودەچن.

ئەو بۆچوونەی کە دەڵێ دەبێ رادەستی ڕووداوەکان ببین، لاوازییێکی گەورەیە و کوشندەترین فاکتەری دواکەوتن و بێچارە مانەوەمان هەر بێ ئیرادەیی و لاوازییەیە. ئەو بۆچوونە، چونکە خۆی بۆچوونێکی ناسروشتیە، بێگومان دەرەنجام و پاشهاتی ناسروشتیشی لێدەکەوێتەوە. سەرکەوتن مافێکی خۆرسك و ڕەوای ئێمەیە، بەلام ئێمە بەدوای ئەو مافەی خۆماندا ناچین. لە بری ئەوەی کە خوازیاری سامان، بەختەوەری و ئازادی بین، هەژاریو بەدبەختی و دیلێتی دەخوازین.

ئەوکەسانەی باوەڕیان بە دەربازبوون لە دەستی نەهامەتی و ناخۆشیەکان نییە، چۆن دەتوانن دەربازبن؟ کێوگەڕێك کە پێی وابێ ناتوانێ بەوکێوەدا هەڵگەڕێ چۆن دەکرێ بگاتە دوندی کێوەکە، کەسێك کە پێیوایە توانای دەرککردنی فەلسەفەیەکی نییە، ئایا دەتوانێ ئەو فەلسەفەیە لە مێشکی خۆیدا جێبکاتەوە؟ کەسێك کە لەو باوەڕەدایە ئەو ڕێگایە ڕێگای پێدا تێپەڕین نییە ئایا دەتوانێ پێیدا تێبپەڕێ؟ لە

یەك كاتدا ناكرێ بە دوو ڕێگای جیاوازدا بڕۆی.

تا ئەودەمەی وشەی"ناتوانم"ت لە فەرهەنگی زەهنی خۆدا نەسڕیوەتەوە، ناتونیت سەركەوتووبیت، تا ئەوكاتەی پێتوابێ كەسێكی لاوازی، ناتوانی ببیە مرۆڤێكی بەهێز، تا لەبەرامبەر نەهامەتی و چارەڕەشییەكاندا سەردانەوێنی، ناتوانی ببیە كەسێكی بەختەوەر.

زۆربەی ئەوكەسانەی ڕووبەڕووی شكست بوونەتەوە، ئەوانەن كاتێ دەستیان داوەتەكار، گومانیان لە توانا و ئامادەگیەكانی خۆیان هەبووە، ئەو لاوەی كە كارێك دەستپێدەكات، ئەگەر دوودڵ و بەگومانبوو لە تواناكانی خۆی، ئەو دوودڵی و گومانە لە هەمووهەنگاوەكانیدا وەكو دوژمنێك لێی ڕاستدەبێتەوەو وەكو سیخوڕ خیانەتی لێدەكات. گومان و ڕاڕایی سەر بە بنەماڵەی ناكامین، ئەگەر ئەوەتان لە مێشكی خۆدا جێكردەوەو قبوڵتانكرد، دەبێ بە یەكجاری خواحافیزی لە ئارەزووەكان، پێشكەوتنەكان، شانسە باشەكان و كامەرانیەكانتان بكەن. ئەو مشەخۆرە، وزەو تواناكانتان دەپوكێنێتەوە و ئیرادەتان لە نێو دەبات و هیچ گومانی تیانییە كە لە ژیاندا ناكام دەبن و شكست دێنن. هەر ئەو دەمەی دانت بە لاوازیی خۆت دانا ئەوا یەكسەر دان بە شكستی خۆشتدا بنێ و بزانە كە تێچووی. دەرگاكانی ئومێد بەڕووی ئەوكەسەدا داخراون كە دەست لە هەوڵدان هەڵدەگرێ، ئەوكەسەی كە هەموو چەكەكانی خۆی خستۆتەلاوە و دەناڵێنێ و دەڵێ: "ناتوانم" ،"بەمن ناكرێ"،"بەدشانسم" بەستەزمانترین مرۆڤی دنیایە.

بەناڵەو ئاخ و ئۆفی بەردەوام و گلەیی لە بەخت و شانس، ناتوانی هیچ كارێك بكەیت، كاتێ گلەیی لە بەختی خۆت دەكەی و چاوەڕێ دادەنیشی چۆن دەكرێ بەخت ڕووت تێبكات؟ كە تۆ خۆت وەكو كرمێكی ناو خاك نەرم و بێ توانا سەیردەكەی چۆن دەكرێ بگۆڕێیت و ببیتە هەڵۆیەك، چونكە هەرگیز بەهایەكی بەرزتر لەوەی بۆخۆت پێی قایلی وەدەست ناهێنی.

ئەگەر بەڕاستی باوەڕت بە بەدختی و نەهامەتی خۆت هەیە هەروا دەردەچێ. هیچ هێزێكی موعجیزەیی ناتوانێ لەو قۆناخە دەربازت بكا. تا ئەو كاتەی بیروباوەڕت نەگۆڕیو پەی بەهەڵەی خۆت نەبەی و ئەو بارە لەخۆت دوور نەخەیتەوە، دڵنیابە ئەو ڕەوشە هەر بەردەوام دەبێ. دوای گۆڕینی بیروباوەڕی پێشان، وەك چۆن تیشكی خۆر خونچەیەك دەپشكوێنێ، دەیكاتە گوڵێكی گەش، ڕەوشی ئێوەش ئاوا دەگۆڕێ. هیچ نهێنی و ڕازو ڕەمزێك لەمەدا نییە ئەمە یاسای سروشتە. ئەوانەی كە كاری مەزن ئەنجامدەدەن ئەوكەسانەن كە پشت ئەستوورن بە توانای خۆیان. لای ئەوان" بیری نێگەتیڤ" مانایەكی نییە. ئەوان لەو باوەڕەدان هەرنەخشەیەك بكێشین بە سەركەوتوویی ئەنجامی دەدەن، باوەڕیان بە ڕاددەیەك بەهێزە كە گوێ نادەنە ڕەخنەو نارەزایەتیەكانیش، لە بەرامبەر گاڵتەپێكردن و بەكەمگرتنی دوژمنانیان هەر تەنها شان هەڵدەتەكێنن، تەنانەت ئەگەر خەڵك بە شێتیشیان بدەنە قەڵەم بایەخی پێنادەن. لەڕاستیدا زۆربەی پیاوانی




مەزن تا لە ژیاندا بوونە بە "شێت" و نزیكەی هەموو ژنانی ناوداریش بە "بێ شەرم" دراونەتە قەڵەم. ئەوانیان كردۆتە ئامانجی گاڵتەو ناو و ناتۆرەی ناڕەوا و پێیانگوتوون" مێشكیان بۆگەنە" لە كاتێكدا كە ئێمە لە بەرامبەر ئەو خێروبێرو دەسكەوتە نوێیانەدا قەرزاری خۆراگری و پایەداری ئەو كەسانەین، بیۆگرافیای پیاوانی مەزن و باسكردنی پێشكەوتنە گرنگەكانی شایەدی ئەم ڕاستیەن.

ئەگەر (كۆپەرنیك) و (گالیلە) ئەو كاتەی كە بەشێت تۆمەتباركران دەستیان لە هەنگاوەكانی خۆیان هەڵگرتبا دنیای ئێستا لە چ بارێكدادەبوو؟ چونكە زانستی ئەمڕۆ لەسەر بنەمای تیۆری ئەوان واتە خربوونی زەوی و خولانەوەی بەدەوری خۆردا بنیاتنراوە، ئەگەر لەوان ڕۆژان كە سەراسەری ئەوروپا (كریستۆف كۆلۆمب)یان خستبووە بەر توانج و گاڵتەپێكردنەوە، باوەڕومتمانە بەخۆبوونی خۆی لەدەست بدابا و لەنیوەی ڕێگا بگەڕابایەوە، چۆن دەبوو؟

(سایروس فیلد) [2] دوای ئەوەی كە دوازدە ساڵ بۆ ڕاكێشانی كێبڵی ژێردەریایی ڕەنجی بێهوودەی كێشا، ئەگەر گوێی بدابایە ئەو نامەیەی كە لە بنەماڵەكەیەوە بۆی هاتبوو و تیایدا نووسرابوو" هەموو سامانەكەت لەدەست چوو و لە برسان دەمریت" و وازی لە نەخشەی خۆی هێنابا چ ئەنجامێكی بەدەست دێنا؟

ئەوكاتەی كە (فۆلتۆن) [3] بۆ لێخورینی كەشتیەكان بە وزەی هەڵم هەوڵی دەدا كتێبێك لە بارەی ئەوەی كە هیچ كەشتییەك ناتوانێ ئەوەندە خەڵووزە لەگەڵ خۆی هەڵگرێ كە بۆ برینی ئۆقیانووسێك پێویستی پێدەبێ، بەڵام نووسەری هەمان ئەو كتێبە دواجار مەوادی كەشتیە هەڵمیەكانی لە ئەمریكاوە بۆ ئەوروپا بە چاوی خۆی بینی. ئەگەر هاتباو فۆلتون بایەخی بە ڕەخنەو نارەزایەتیەكان بدابا و دەستی لەوكارەی خۆی هەڵگرتبا ئایا ئەو سەركەوتنەی وەدەست دەهێنا؟

ئەوكاتەی كە (ئالیكساندەر گراهامبێل) بۆ دروستكردنی تەلەفۆن خەریكی تاقیكردنەوەبوو و تا دوا دۆلاری كە هەیبوو لەو تاقیكردنەوەیەی خەرجكرد هەمووان بە شێتیان دەدایە قەڵەم. ئەگەر ئەو گوێی بەو سووكایەتی و قسە نابەجێیانە بدابا و متمانە بە خۆبوونی خۆی لەدەست دابا، ئایا ئێستا ئەو داهێنەری تەلەفۆن دەبوو؟

(سافۆنارۆلا) [4] ئەو كاتەی كە قەشەیەكی هەژار و گومناوبوو هاتە فلورەنسا. ئەوكاتە (لۆران) كە سەر بە بنەماڵەی (مەدیسی) بوو، بەوپەڕی لاساری كە بەهۆی دەسەڵاتی ڕەهایەوە هەیبوو زوڵم و ستەم و بێداری دەهەرق بە خەڵك ئەنجامدەدا و هەموو سنوورێكی بەزاندبوو،




(ئا لیکا سا ند ه ر ی شەشەم) کە لە بنەماڵەی (بورژیا) بوو لەسەر تەختی پاپای ئەو دەم دانیشتبوو داکۆکی لە زوڵم و ستەمکاری و مگێزخوازی دەکرد. ساڤۆناڕۆلا کاتێ ئەوەی بینی کە خەڵکی لە ژێر باری ستەم و زۆرداریدا دەناڵێنێ، باوەری بەوەهێنا کە لەلایەن هێزێکی یەزدانیەوە راسپێردراوە دادگەریی کۆمەلایەتی بهێنێتە ئاراوە، بێ ئەوەی بایەخێك بە دەسەلاتی دوژمنانی و بێهێزی خۆی بدا هاتە نێو کۆری خەبات.

بەو باوەرەو متمانەیەی کە بەسەرکەوتنی کۆتایی هەیبوو هیچ ئاستەنگێك نەیترساند و هەموو ئەو پارەو پوولەی بۆ پەشیمان بوونەوەی هەڵیانرشتە بەرپێی رەتیکردەوە، سەرەنجام توانی ستەمکاریی (مەدیسی)یەکان تێك بشکێنێ. کڵێسا بە زیندوویی خستیانە ناو ئاگر و سووتاندیان، بەلام خەبات و تێکۆشانی پرلەباوەری ئەو بوو بە یەکەمین بەردی بناغەی ئاینزای برۆتستان.

کاتێك کە ژەنەراڵ (وۆڵف) [5] لە لایەن دەوڵەتی ئینگلستانەوە ئەرکی لەشکرکێشی بۆسەر کانادای پێسپێردرا لە یەکێ لە کۆمیسیۆنەکانی پەرلەمانی ئەو ولاتە لێیان پرسی، ئایا دەتوانی سەرکەوتن وەدەستبێنی؟ ژەنەراڵی لاو شمشێری لە کالانی دەرهێناو لە مێزی بەردەمی راکێشا و بەوپەری بەرزەفریەوە باوەری خۆی بەسەرکەوتن خستەروو کە کۆمێسیۆن لە هەڵبژاردنی کەسێکی ئاوا لەخۆبایی پەشیمانبووەوە، بەلام ئەو قارەمانیانەی کە وۆڵفی لاو لە بانەکانی ئابراهام وەك فەرماندەیەکی هێزەکانی ئینگلیز لەخۆیدا نیشانی دان بەرهەمی پربەهای ئەو بەرزەفریەی ئەوبوون، لەژێرسایەی ئەو باوەرەو متمانە بەخۆبوونەبوو هێزی فەرەنسی کە (مۆنت کالم) فەرمانەدیی دەکرد، شکستی پێدا.

ناپلیۆن، بسمارك، ڤیکتۆرهۆگۆ و زۆر مرۆڤانی دیکەی مەزن ئەوەندە متمانەیەکی زۆریان بەخۆ هەبوو کە بەهۆی ئەو بەرزەفریەی هەیانبوو رووبەرووی زۆر دوژمنایەتی و سووکایەتی بوونەتەوە لەلایەن خەڵك، بەلام بەرزەفری یەکێ لە شێوەکانی متمانە بەخۆبوون و یەکێك لە خەسڵەتە بنەرەتیەکانی ئەوکەسانەیە کە کاری مەزن ئەنجامدەدەن، ئەگەر باوەرومتمانە بەخۆبوون نەبایە ئایا (لۆتۆ) [6] و (وێسلی) [7] دەیانتوانی ئەوکارە مەزنانە ئەنجامبدەن؟

(ژاندارك ) کە یەکێ لە کچە سادەو بێ زانیاریە دێهاتیەکان بوو ئەگەر ئەو باوەرە قووڵەی بە ئەرکی ئاسمانی سەرشانی خۆی نەبا ئایا دەیتوانی ئەو هێزە مەزنە پێکبێنێ و وەك سەرکردەیەك ئەو هێزە هەزاران کەسیە لادێییە توندوتیژو ئەو هەموو خەڵکە بەتەمەنە وەکو منداڵی بچوك ملکەچی خۆی بکات؟ ئەو باوەرو متمانەیە، توانا و دەسەلاتی ئەوی چەندین بەرابەرکردووە و کارگەیشتە ئەو رادەیەی کە تەنانەت خودی پادشای فەرەنساش کەوتە ژێر فەرمان و ملکەچبوونی ئەو کچە دێهاتیە (ئێرلێیان)یە.کاتێ ئەمریکا دووچاری جەنگی نێوخۆ بوو ( ئەبراهام لنکۆلن ) کە پیاوێکی ئاسایی و بێ ناوبانگی چینی رەش و رووت بوو، سەردانی چەند سیاسەتمەدارێکی کردو داوای لێکردن بۆ سەرۆکی کۆمار هەڵیبژێرن تا کۆتایی بەو شەرو ناکۆکیە ناوخۆییانە بێنێ. تۆ تەنها بیر لەوەبکەرەوە پیاوێك کە لە کوخێکی ناو دارستان لەدایك بووە و لە خوێندن بێبەش بووە، بە چ ئازایەتی و جورئەتێکەوە دەست دەداتە ئەو هەنگاوە. دیسان بیری لێبکەرەوە ژەنەراڵ (گرانت) کە دە ساڵ بەر لەمرۆ کۆچی دواییکرد دوکانداریك بوو، لە بەرامبەر ئابراهام لینکولن بەلێنیدا کە ئامادەیە کۆتایی بە شەری ناوخۆبێنێ و لە ژێر سایەی باوەرە بەهێزەی خۆیەوە توندترین بەرگری و خۆراگریەکانی تێکشکاندن و کۆتایی بە شەری نەگرێسی ناوەخۆ هێنا، ئەگەر لینکۆلن و گرانت بەهۆی پەلامارەکانی دژبەرەکانیان سارد ببانەوە و باوەری خۆیان لەدەست بدابا، ئایا ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەمرۆ لە چ بارێکدا دەبوو؟

ئەو ژەنەرالانەی کەبەر لە گرانت هاتن باوەرو متمانەیان بە تواناکانی خۆیان بە ئەندازەی گرانت مکوم و رەها نەبوو، تارادەیەك راراو بەگومان بوون، بۆیە تەنها چەند سەرکەوتنێکی ناتەواو و کاتییان وەدەست هێنا، لەکاتێکدا کە گرانت بچووکترین گومان و دوودڵی لەخۆدا نەدەبینی. دەیزانی دوژمن دەشکێنێ و بەسەریدا زاڵ دەبێ، ئەوپەری متمانەی بە خۆی هەبوو، بۆیە رەوشەکەی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوەو سەرکەوتنی کۆتایی بەدەست هێنا.

باوەرو متمانە، هێزی ئافرێنەرو بنیاتنەرو تەواوکەرەو بێ باوەری هێزی نێگەتیف، لاوازی، تێکدەرو نابووتکەرە. هەستی متمانەبەخۆبوون گومان و ناسەقامگیری لەنێو دەباو ئەو بوارە بەمرۆڤ دەبەخشێ کە بێ راوەستان و بەبێ بەفیرۆدانی توانای لەرادە بەدەر بەوپەری توندوتۆڵیەوە بەرەو پێشەوە




بڕوات.

هەموو داهێنەران، لێکۆڵەران، دۆزەرەوەو گەڕیدەکان، جەنگاوەران‌و جیهانگیران باوەڕیان بەتواناو ئامادەییەکانی خۆیان هەبووە. لەبەرامبەردا ئەگەر کەسایەتیی کەسانی بێ تواناو شکستخواردوو هەڵبسەنگێنین، بۆمان دەردەکەوێ کەزۆربەی هەرەزۆریان لە متمانەو دڵنیایی بێبەش بوونە.

ئێمە بەچاکی نازانین کە خواوەند چ شتگەلێکی بەو کەسانە بەخشیوە کە تواناو ئامادەیی ئەنجامدانی کاری مەزنیان هەیە، بەڵام ئەوە دەزانین کە دڵنیایی ڕەهاو بێ چەندو چوونی هەرکەسێك سەبارەت بە سەرکەوتنی لەکاری خۆیدا، بەڵگەی ڕوون‌و ئاشکرای تواناو ئامادەیی ئەوە، خواوەند ئەو کەسانەی کە بەچاکی باوەڕی ڕەهاوە چەکداری کردوون بۆ سەرکەوتنیشیان لەکارەکانیاندا یارمەتیدەریان دەبێ.

متمانە بەخۆبوونی خۆتان هەرگیز لەدەست مەدەن‌و بوار مەدەنە ئەوانی دیش کە ساردتان کەنەوەو بتانخەنە گومان‌و ڕاراییەوە، چونکە بنچینەی هەموو سەرکەوتنە گەورەکانی ئێوە هەر ئەو متمانە بەخۆبوونەیە. ئەگەر ئەو بنەمایە زیانی پێبکەوێ تەلاری ژیانتان دەڕوخێ‌و ئەگەر تەلاری ژیانتان مکوم‌و پابەرجا بمێنێتەوە دەرگاکانی ئومێد هەمیشە کراوەدەبن. باوەڕومتمانەی بێ پایان‌و مکومتان تەنانەت ئەگەر بگاتە ئاستی بێباکیش هێشتا هەر ئامرازێکی پێویست دەبێ بۆ هەنگاو و کاری گەورە. هەستی متمانەبەخۆبوون یارمەتی کەسانی بچووك دەدات بۆ گەیشتن بە پلەو پایەی بەرزو ئەو بوارەیان پێدەبەخشێ کە کاری وا ئەنجام بدەن کەس چاوەڕێیان لێناکات‌و گومان‌و دردۆنگی لەناو دەبات کە دوژمنی سەرسەختی مرۆڤایەتین. مێشکێك کە دیلی گومان‌و ڕاراییە ناتوانێ بە ڕێك‌و پێکی‌و سەقامگیرانە کاربکات‌و پشێوی‌و بێ سەروبەرییێکی ناهەموار لەهزرو کارو ڕەفتاری مرۆڤدا دروست دەکات.

پیاوێکی نەخوێندەوارو نەزان کە باوەڕی بەخۆی هەیە هەندێ جار کەسێکی زۆر زاناو دانا، بەڵام ڕاڕاو بێ هێز شەرمەندە دەکات، بەڵام بەداخەوە کە زۆرجار خوێندن‌و پەروەردەی تەواو دەبێتە مایەی لاوازی‌و نابوتبوونی بەرزەفڕی‌و پەرەپێدانی شەرمنی. لاوانێکی زۆر دەناسم کە بەحەزو شەوق‌و زەوقێکی گەرم‌وگوڕو باوەڕێکی بێ سنوور بە ئایندەی خۆیان چوونەتە زانکۆ، بەڵام دوای تەواوکردنی خوێندن هەموو ئەو خەسڵەتانەی خۆیان لەدەست داون. بواری بەرفراوانی زانست‌و تەکنەلۆژیا وردە وردە متمانە بەخۆبوونی ئەوانی کەم کردۆتەوەو تووشی شەرمنی‌و سەرکزی کردوون، چونکە تا ئاستی زانست‌و زانیاریان زیاترو بەرزتر بۆتەوە، زیاتر پەیان بە نەزانی خۆیان بردووەو پێیان وابووە کە لەهەمبەر گەورەیی جیهان‌و ئەوەی تیایدا هەیە ئامادەیی‌و توانای کاری گەورەو مەزنیان نییە.

زۆربەی زانایانی مەزن کە سا نێکی ترسنۆك، شەرمن‌و دەست‌و پێ سپین. ئەوان هەستی خۆپەرستی بەتەواوی لەدەست دەدەن‌و خاکەڕایی‌و شەرم جێی ئەو هەستە دەگرێتەوە. هەڵبەتە گومانی تێدانییە کە ئەمانە خەسڵەتی بەرجەستە و باشن، بەڵام بەو مەرجەی لەسنووری ئاسایی تێنەپەڕن، وەلێ ئەگەر لەسنوور تێپەڕین‌و متمانە بەخۆ بوونیشیان لەگەڵ نەبووە، ئەنجامی خراپیان لێدەکەوێتەوەو بواری سەرکەوتن لە کارو هەنگاوی گەورە لەباردەبەن.

---

١ ـ Hiller crowell wellman نووسەری کتێبناسی ئەمریکایی (١٨٧١ ـ ١٩٥٤)

٢ ـ Syrus field سەرمایەگوزاری ئەمریکایی (١٧٨١ـ ١٧٦٧) کە یەکەمین کێبڵی تەلگرافی ژێر دەریایی نێوان ئەمریکا و ئەورووپای دامەزراند.

٣ - Robert fulton ئەندازیارو داهێنەری ئەمریکایی (١٧٦٥ ـ ١٨١٥).

٤ - Cirplamo Savonarola و ریفۆڕمخواز و ڕێبەری ئایینی ئیتالیایی کە بۆ بەرپاکردنی یەکەمین دەوڵەتی مەسیحی خەباتیکرد(١٤٥٢ـ ١٤٩٨) .

٥ - Jamse Wolfe فەرماندەی ئینگلیز (١٧٢٧ ـ ١٧٥٩)

٦ - Lorenzo loto نیگارکێشی ئیتالیایی کە لە نوێگەریدا پیکاسۆی سەردەمی خۆی بوو، لە تایبەتمەندییەکانی بەرهەمەکانی ئەودا ئەوەیە کە حاڵاتی ڕۆحی کەسەکانی لە تەرمی سیمایاندا نیشاندەدا.

٧ - John Wesley دامەزرێنەری مەزهەبی (میتۆدیست) لە مەسیحیەتدا (١٧٠٣ ـ ١٧٩١) .



# - ١٤ -

# چۆن متمانەی کەسانی دی بەدەستبێنین

**چارەنووسی خۆتان بەبیرکردنەوە دیاری بکەن. (کارلایل)**

بۆ وەدەست هێنانی سەرکەوتن، هەرتەنها متمانە بەخۆبوون بەس نییە، بەڵکو دەبێ ئەوانیش متمانەیان پێت هەبێ و متمانەبوونی ئەوانی دی بەئێوە رووەکەی تری متمانە بەخۆبوونی ئێوەیە. متمانە بەخۆبوونی ئێوە چەندە بەهێزبێ متمانەی ئەوانی دیش بەئێوە بەو ئەندازەیە بەهێزتردەبێ. هەر یەك لەو کەسانەی کەپەیوەندی لەگەڵ ئێوەدا هەیە بەهەمان ئەو رادەیەی کە ئێوە متمانەتان بەخۆ هەیە ئەوانیش متمانەیان پێتان هەیە. چ وەك مامۆستا، وتاربێژ، دادوەر، بازرگان، کارمەندو لەژێر هەرناوێکیترو هەر پلەوپایەو ئاستێکدابن، ئەگەر بتانەوێ ئەوانی دی گوێ لە قسەکانتان بگرن دەبێ بزانن کە کاریگەریی ئێوە لەسەر ئەوان، بەندە بەهێزی باوەڕو متمانەی خۆتان.

ئەدای متمانەئامێز کاریگەرییێکی سەیری لەسەر ئەدای دیدا هەیە، کاتێ کە ئەو ئەدا وگفتونفتەتان هەبوو بەچاوی خۆتان دەبینن کە چۆن متمانە بەخۆبوونی خۆتان گواستۆتەوە بە ئەوانی دیش و سەرتان لەو هەموو متمانەی ئەوان بەخۆتانو بەتواناکانی خۆتان سوڕدەمێنێ.

ئەوکەسانەی خاوەن متمانە بەخۆبوونن خەسڵەتو تایبەتمەندی بەرزو بەرجەستەیان هەیە، کەسێك کە بەسەر ناخی خۆیدا باڵادەست بێ بە وتەکانی خۆیەوە دڵنیاییو متمانەو باوەڕبوون بەکەسانی دەوروبەری دەبەخشێو ئەوان لەگومانو دوودڵیو دردۆنگی رزگار دەکا، چونکە هەموو کەس باوەڕ بەهێزو توانای مۆراڵی ئەو دێنێ.

ئەو کەسەی کە دەزانێ چی دەوێ دوو دڵ نییەو بڕیار دەداو جێبەجێی دەکا، هەمووان ئەو کەسەیان خۆش دەوێو کارەکانی ئەو جۆرە کەسەش هەمیشە رووبەران، ئەو کەسانەی لە یارمەتیدانی کەسانی بێ بڕیار دردۆنگن لەیارمەتی دانی کەسانی پێچەوانەی ئەوان ئەوپەری دڵنیاو هەموو یارمەتییەکیان پێشکەش دەکەن. ئەو هۆکارانەی کە دەبنە مایەی ساردبوونەوەی کەسێکی دوودڵو رارا خود بەخود بۆکەسێکی دڵنیاو متمانە بەخۆ دەبنە هۆکاری هاندەرو دڵگەرمکەر.

مرۆڤ هەرخۆی لەبنەرەتدا وا خوڵقێندراوە کە یارمەتی هەموو کەسێك بدا لەو رێگایەی هەڵیبژاردووە. یارمەتی ئەوکەسە دەدا کە بۆگەیشتن بە ئارەزووەکانی رووەو بەرزایی هەنگاو دەنێو پشت لەو کەسەش دەکا کە دەستی لە خۆی بەرداوەو رووی لەداتەپینو نزمبوونەوەیە. بەمپێیە ئەوکەسەی متمانەی بەخۆی نەبێ بەهەمان شێوە کەس متمانەی پێنابێ.



دەکەوینە ژێرکاریگەری کەسانی باوەڕبەخۆو رێزیان لێ دەگرینو لەخۆمان رانابینین کەمتەرخەم بین بەرامبەریان، هیچ کەس قسەیان لەسەر ناکاو شتی خراپیان لەبارەوە نانووسێ، هەژاریو نەداری بەرزەفریو ئازایەتی ئەوکەسەی پێ ناشکێندرێ و بەدبەختی رێگەی پێناگۆڕێ و ئەو هەروا بەرەو ئامانجی خۆی ئازایانە دەچێتە پێش، سیمایەك کە نیشانەکانی بڕیاردانو ئازایەتی تیا ئاشکرایەو ئیرادەیەك کەشکست قبوڵ ناکا، لەهەر جەنگێکدا بەر لە تەقاندنی یەکەمین گوللە، نیوەی سەرکەوتنی بۆخۆی دەستەبەرکردووە. کەسێك دەناسم کە دەست بداتە هەرکارێك، بەبێ بچووکترین کەمو کوڕی ئەنجامی دەدا، هەرگیز دوودڵ نابێ، لەبەرئەوەی متمانەی بەتواناو ئامادەییەکانی خۆی هەیە لەژیانی خۆیدا پلەوپایەی بەرزو درەوشاوەی وەدەست هێناوە، چونکە متمانە بەخۆبوونی ئەو هەندێ جار گەیشتۆتە پلەی لەخۆبایی بوون هەندێ خەڵك لێی نیگەران دەبن، بەڵام خودی ئەو خەڵکەش ناتوانن پەسنی نەکەنو یارمەتی نەدەن، دەستی داوەتە هەندێ کارو تیایاندا سەرکەوتوو بووە کە هاورێیانی لەو زاناترو تێگەیشتووتر بەگومانو دردۆنگیەوە سەیری ئەو کارانەیان کردووەو لەوە ترساون کە دەرەقەتی ئەو کارانە نایەن و تیایاندا




سەرکەوتوو نەبن. هەر ئەو سەرکەوتنانەی بوونەتە مایەی ئەوەی کە رکابەرەکانیشی رێزی لێبگرن.

ئەگەر توانایەکی مامناوەندی باوەڕێکی مکوم و لە شکان نەهاتووی لەگەڵ دابوو ئەو سەرکەوتنەی کە وەدەستی دێنێ زۆر زیاترە لە توانایەکی بەرز کە لە مەزاجێکی راراو ترسنۆکدا هەیە. مامۆستایەک کە خاوەنی هەندێ زانیاری رووکەش و سادەیەو بەباشی دەتوانێ بیانخاتەڕوو، سەرکەوتووترە لەو مامۆستایەی کە دە بەرابەری ئەو زانستو زانیاری هەیە، بەڵام تواناو شێوازی دەربرینی ئەو زانستو زانیاریانەی نیە رەنگە هەندێ کەس لەو رووەوە لەگەڵ مندا هاورا نەبن، بەڵام چارچیە، ئەمە راستەکەیە، ئەرکی کەسانی بەتواناو لێهاتوو ئەوەیە کەهەستی متمانە بەخۆبوون لەخۆیاندا پەرەپێبدەنو بەهێزتری بکەنو لەسایەی ئەو هەستەدا کاریگەری دابنێنە سەرکەسانی دی.

هەرئەرکو کاروبارێکمان هەبێ سەرکەوتنمان پەیوەستە بەوەی کە باوەڕمان بە تواناو ئامادەییەکانی خۆمان هەبێ و ئەو باوەڕو متمانەیەش بگوازینەوە بۆ کەسانی دەوروبەرمان.

ژیان زۆرکورتخایەنەو ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی دادوەری بکەین خەڵکی بەئەندازەیەک سەرقاڵی کارەکانی خۆیانن کەکاتی پرژانە سەر تواناکانی ئێوەیان نییە. ئەو بەهایەی کە خودی ئێوە بۆخۆتان دایدەنێن خەڵکیتر بەرێژەیەکی فراوان قبوڵی دەکەن.

ئەگەر گەنجێک لەسەر دەرکەی ماڵەکەیدا تابلۆی نووسینگەی بەڵگەنامەی فەرمی یا نووسینگەی پارێزەری پلە یەکەمی هەڵواسی، خەڵکی بەبێ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیەکی ورد باوەڕ بە زانیاری و تواناکانی ئەوکەسەی لە ئەنجامدانی کارەکانی دێنن. بەچەشنێک کە پزیشکێک هەرگیز ناچارنییە بۆ نەخۆشەکانی خۆی روونی بکاتەوە کە فلانە دەرسی خوێندووە ولەفلانە تاقیکردنەوەدا قبوڵ کراوە. لەو رووەوە ئەگەر سەبارەت بە تواناو ئامادەییەکانی خۆی گومانو دوودڵییێک نیشان بدا، رێگایەک بەرەو سەرنەکەوتنو شکستی خۆی دەکاتەوە. رێگاکەمان هەرچەند دژواربێ هیچ شێوەیەک نابێ تەنانەت بۆ ساتێکیش متمانەو باوەڕمان لەق کەینو خۆمان بخەینە گومانو دوودڵییەوە.

هەر لەگەڵ ئەوەی متمانە بۆخۆبوونمان شکستی خوارد، کەسانی دەوروبەرمان هەستی پێدەکەن. جێکردنەوەی بچووکترین گومان لەنێو دڵماندا یەکسەر کەسانی دی رایان بەرامبەرمان دەگۆڕنو بەکەسانی لاوازو ناشایستەمان سەیردەکەن.



لەنێوچوونی ئازایەتیتان هەر زوو ئازایەتی کەسانی دەورو بەریشتان لەناو دەبا و ژمارەی ئەوکەسانەی کە بەوهۆیەوە تووشی شکست بوونەتەوە یەکجار زۆرە.

ئەگەر سەرۆکی دەزگایەکیت، کامەندو بەردەستەکانت پەی بە هەر هەڵسوکەوتێکی لاوازو رارا یان سەرکەوتنو شکستهێنانت دەبەن. روخساری رۆژانەتان لەبەرامبەر کێشەکانی ژیانو هەوڵو تێکۆشانتان بۆی هەیە بەچاکی نیشان بدا لەو هەنگاوانەدا سەرکەوتوو دەبیت یان ژێر کەوتوو.

یەکێک لەو کارانەی کە پێویستی بە هەستی متمانە بەخۆبوونە کاری بازرگانیە. چ بازرگانێکی راستەقینەو چ ئەوکەسانەی وەک کارمەندو فرۆشیاری بچووک شارەزای دنیای بازرگانین، تەنانەت خاوەن پیشەکانی تریش پێویستیان بە باوەڕو متمانەیەکی تەواو هەیە. بازرگانانی گەورە لەهەر پرۆسەیەکی کرینو فرۆشتندا جۆرێک هیپنۆتیزم بەکاردێنن. کریارێکی رارا-چونکە زۆربەی کریاران دووچاری رارایی دەبن لەبەرامبەر زمانلووسیی شارەزایانەی فرۆشیارو بانگەشە و ریکلامی زیرەکانەی ئەودا تەسلیم دەبنو یەکسەر بریاری خۆیان دەدەن.

خاڵی شایانی باس ئەوەیە کە ئەو هونەرە بە راکێشانی متمانەی کریارو کارتێکردنی ئەنجام بدرێ. ئەو دەڵاڵەی کە لەبارەی فرۆشتنی شتێك لەگەڵ کریاردا خەریکی مامەڵەیە ئەگەر بچووکترین گومان و بێ متمانەیی لەخۆی نیشان بدا ئەوا کریارەکە دوور دەکەوێتەوەو ئیدی هیچ چەشنە زمانلووسیەك ناتوانێ متمانەو سەرنجی رابکێشێ.

یەکێك لەو کەسانەش کەزۆر پێویستی بە باوەڕبەخۆبوونە مامۆستایە. مامۆستایەکی تووڕە، ماندوو و دردۆنگ هەموو پۆلەکەی تووشی بێ سەروبەری و بەرەڵایی دەکات، لەکاتێکدا کە مامۆستایەکی لەسەرخۆو ئارام کەبەسەر خۆیدا زاڵە هەمان پۆل بەو پەری رێكو پێکی و دیسپلینەوە بەرێوە دەبات.

مامۆستا ئەرکەکانی خۆی وەك دیسپلین و ئارامی لەنێو خوێندکاران، خستنەکاری مێشکی ئەو خوێندکارانەی تەمبەڵو ماندوون، هەروەها زات وەبەرنانی خوێندکارە شەرمنو ترسنۆکەکان تەنها لەژێر سایەی کەسایەتی مۆراڵی و کارتێکردنەکانی خۆی ئەنجام دەدا.

خوێندکاران لەبەرامبەر خەسڵەتە مۆرالیەکانی مامۆستاکەیان زۆر هەستیارن. بەچاکی هەست بەوەدەکەن کە ئایا مامۆستاکەیان بەجددی حەزی لەدەرسەکانی ئەوان هەیە و بەدڵسۆزییەوە هەوڵی پێشکەوتنیان دەدات یان بەپێچەوانە هەر بۆکات بەسەر بردن دێتە پۆل. خوێندکاران مامۆستایانی خۆپەرست و کەمتەرخەمیان خۆش ناوێن، ئەمە لەکاتێکدا کە هیچ مامۆستایەك چ ژن چ پیاو، تا نەبێتە جێی خۆشویستنی خوێندکارەکانو لەباوەڕو متمانەو دڵگەرمی ئەودا دڵنیانەبن بەهیچ شێوەیەك ناتوانێ ئەرکەکانی خۆی بەئەنجام بگەیەنێ